بەرەی گۆڕان
ژمارە (1) 2007/4/24
No. (1) 24/4/2007

دیمەنێك لەنەورۆزی ئەمساڵ لەماردین - باکوری کوردستان



ئەنجومەنی سیاسی یان ئیفلیج کردنی پەرلەمان

بەختیار مستەفا

ماوەیەك لەمەوبەر لەلایەن پێنج حزبی کوردستانی بەشداری پەرلەمان و حکومەت یاداشتێك درا بەسەرۆکایەتی هەرێم یاخود با بڵێین بەیەکێتی و پارتی و تیایدا جۆرە نارەزایەتیەك دەر بڕدرابوو سەبارەت بەپەراوێز کدنی حزبەکان و بێئاگاییان لەبریارە سیاسیەکان و ..هتد پاش گفتوگۆو مشتومڕ پێشنیاری ئەنجومەنی سیاسی کرا..کەتا ئێستا نە ناوو نە پەیرەوی نێوخۆی و نە دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنە رون نی یەو یەکلایی نەکراوەتەوە..

پێکهێنانی ئەنجومەنێکی لەم جۆرە بۆ خۆی قسە زۆر هەڵدەگرێت و منیش لێرەدا هەوڵ دەدەم بەچەند دێرێك سەرنج و تێبینی یەکانی خۆمی لەسەر بخەمە روو..

پێش هەموو شتێك پێکهێنانی ئەنجومەنی سیاسی سەنەدێکی یاسایی لەپشتەوە نی یە کەهەڵقولاوی دەستوری هەرێم بێت..دووەم کەم و کوری ئەوەیە کە ئێمەو مانان و جەماوەرو بگرە خودی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەو کادرەکانیشیان نکولی ناکەین و کۆکین لەسەر ئەوەی کەپەرلەمان پەرلەمانێکی ئیفلیجە,پەرلەمانێکە (م.س) دووحزبەکە تیایدا باڵا دەستن و یەکلایی بڕیارەکان دەکەنەوە و سەرجەم بریارو دەستورو راسپاردەکان لەلایەن (م.س) هەردولاوە دەردەچێت ..هەمووش دەمانەوێ حکومەت و پەرلەمان بچێتەوە سەر رێچکەی ئاسایی ویاسایی دروستی خۆی و بەشێوەیەکی تەندروستانە بەئەرك و کارەکانی خۆی هەڵبستێت کارەکانی بەرێوە بەرێت دور لەدەست تێوەردان و بێ ئیرادە کردنی ئەندامەکانی ,پەرلەمان ببێتە ناوەندێکی بڕیارو جێگای رێزی هەموان و شوێنێکی پیرۆز کەهەمووان شانازی پێوەبکەین..بێگومان ئەو ویست و ئیرادەیە لای زۆرێك لەئەندام پەرلەمانەکانیش هەبوەو هەیە..بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد هەمیشە هەوڵ دەدەین هەڵەکان بەهەڵەیەکی گەورەتر چاکبکەینەوە و ئەمجارەش لەجیاتی (م,س) دووحزبەکە, (م.س) دووحزبەکەو سکرتێری چەند حزبێك دەبنە ناوەندی بڕیار و ئاگاداری شتەکان..ئەمەش دیسانەوە کەمکردنەوەیە لەرۆڵی پەرلەمان..چونکە لە کاتێکدا پێوویستە پەرلەمان سەروەر بێت و یاسا لەسەرو هەموو شتەکانەوە بێت و وردو درشتی روداوەکان لەپەرلەمان بێت و مەسەلە چارەنووس سازەکانیش پەرلەمان شەفافانە بیخاتە بەردەمی گەل و مەرجەعی بنەرەتی بێت ..پەرلەمان چاودێر بێت هەوڵ بدات بۆ بنبر کردنی گەندەڵی یاسا سەروەر بکات ئیرادە بۆگەل بگێڕێتەوە..وهتد کەچی بەداخەوە ئەمجارەیان بەئەنجومەنێکی بێ سەنەدی یاسایی یەوە کار دەکرێت بۆ تەهمیش کردنەوەو پەراوێزکردنەوەو بێ ئیرادە کردنەوەی پەرلەمان و حکومەت..

ئێمە دەخوازین کە حزبەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی فشارێك دروست بکەن بۆ ئاراستە کردنی دەسەڵات و بیخەنە سەر راستەرێگای دروست و کاری ئەکتیف ـ انە بکەن بەڵام بەداخەوە ئەم کارە جارێکی تر بۆ ئەوەیە کە دەسەڵات بەرێچکەی هەڵەدا ببرێت ..کە دەشزانین ئەوەش تەنها ئامانجی بەردەوام دانە پاراستنی بەرژەوەندی حزبی و دەسەڵات نەك بەرژەوەندی گەل و ئاراستە کردنی بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و سستمێکی دیموکراسی و گشتگیر..

ئەم هەنگاوانەش روداوی تاڵی پێشوترمان دەهێنێتەوە پێش چاو کە کاتی خۆشی رژێمی بەعس لەگەڵ هەندێك لایەنی سیاسی دا هاوپەیمانی هەبوو..بەڵام بەرژەوەندیەکانی ئەوحزبانە و کەسایەتیەکانی سەرکردایەتی ئەو حزبانە وای کرد کەچاو لەزۆرێك لەبەرژەوەندیەکانی گەل بپۆشرێت و کەوتنە پیا هەڵدانی دەسەڵات بەشێوەك کە بووە هۆی دروستبوونی ئەو دیکتاتۆرەی کەهەموومان بینیمان و هەتا ئەمرۆش گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی و وڵاتانی دەوروبەریش باجەکەی دەدەن.. دیارە من لێرە دا بەهیچ جۆرێك مەبەستم ئەوە نی یە کەدەسەڵاتی کوردی بەراورد بکەم بەرژێمی بەعس و صەدام..بەڵام دەمەوێت هەمووان بەئاگا بێنمەوە لەرێگا خۆش نەکردن بۆ تاکرەوێتی و دووبارە نەبوونەوەی هەڵەکانی رابردوو.. چوونکە هەموو دەزانین کەکەس بۆخۆی تاکرەو نی یەو هەمیشە دەوروبەر هۆکارێك بوون بۆ هاندان و دروستبوونی تاکرەوێتی..با هەموو کۆششەکانیش بۆ ئەوە بێت هەوڵ بدەین پرنسیپەکانی دیموکراسیەت پیادە بکەین و بیکەینە کارێکی جدی و بەشسێك لەنەریتی رۆژانەمان..نەك لەرێچکە دەرکردنی دەستکەوتەکان و بەلاریَ دا بردنی پەرلەمان حکومەت و جەماوەر بەرژەوەندی کەسی و حزبی دا ..پەرلەمان بەرهەمی خەباتی چەندین ساڵەی میللەتەکەمان و خوێنی شەهیدانە دەبێ رێزی زیاتری لێبگیرێت و هەیبەتی زیاتری پێبدرێت..پێکهێنانی هەر لیژنەو ئەنجومەنێکیش دەبێ زەرورەتی هەبێ و دەعمی یاسایی هەبێ و لەچواچێوەی یاسادا رێکبخرێت و پێش هەر شتێکیش بەرژەوەندی گەل لەبەرچاو گیرابێت بێ ئەوەی لەهەیبەتی پەرلەمان و حکومەت کەم بکاتەوەو سنوری کارەکەی دیاری کرابێت لەچوارچێوەی یاسادا..لێرەش دا پێوویستە پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان رێگا نەدەن و رازی نەبن بەکەم کردنەوە لە ئیرادەیان و لەپێناوی مووچە کوشتن دا و بەرژەوەندیە کەسی یەکانیان دا چاوپۆشی نەکەن چوونکە ئەوانە نوێنەری گەلن و گەل دەنگی پێداون با لەسەر لیستی حزبیش بن.. ئەگەر وەزعەکە هەر بەو شێوەیە مایەوە و بەردەوام بوو پێوویستە مانگرتن و دواتریش دەست لەکاربکێشنەوە تا فشار دروست دەکەن و بەراستی و دروستی پەرلەمان دەبێتە ئەو ناوەندە پیرۆزەی کەمەرجەعی هەمووان بێت..

بەرز بوونەوەی نرخی کرێ ی پاصو بێ دەستەوەستانی حکومەت

نالی

ماوەیەك لەمەوبەر بەبێ گەرانەوە بۆ حکومەت وپرس پێکردنی پاصەکانی ناوشار هەستان بەبەرز کردنەوەی نرخی هاتووچۆی هاوڵاتیان ویەك نەفەریان کرد بە (500) دینار.. لێرەو لەوێش گوێبیستی ئەوەش دەبووین کە حکومەت هەرەشەی برینی بەشە گاز و بەنزینی لێدەکردن گەر بێتو شۆفێرەکان نرخەکە نەگێڕنەوە بۆ دۆخی جارانی و ووتیان گەر بەردەوامیش بن لە کارەکەیان ئەوا ناچار دەبن کە هێڵەکانی خەتی هاتووچۆ ئازاد بکەن تاوەکو ئەو پاص و سەیارانەی کە هێڵیشیان نی یە بتوانن نەفەر بار بکەن و ئەو قۆرخ کردنەی کە هێڵەکان هەیانە نەمێنێ.. بیانووەکەش ئەوە بوو شۆفێری پاصەکان دەیانوت نرخی گازو بەنزین بەرز بۆتەوە,,لەولاشەوە حکومەت بەپاساوی ئەوەی بەرز بوونەوەی نرخی سوتەمەنی پەیوەندی هەیە بەداوای سندوقی نەختینەی نێو دەوڵەتی یەوە تاوەکو وڵاتانی خاوەن قەرز لەسەر عێراق بتوانن لە قەرزەکانیان خۆش بن..

کێشەکان هەرچی یەك بێت دەبێ لەسەر چەند خاڵێك قسە بکرێت !

یەکەم ئەم قۆرخ کردنەی هێڵی پاص و تەکسیانەی ناوەو دەرەوەی شار بۆچی و کێ بەرژەوەندی تێدایە..هێڵێك بگاتە (70 - 100) هەزار دیناری سویسری بۆچی ؟ بۆچی حکومەت هێڵەکان ئازاد ناکات ؟پرسیارێکی تر ئەوەیە چۆن حکومەت کە خۆی ئەو هێڵانەی داوە بەو شۆفێرانە و سەندیکای تایبەت بەخۆیان هەیە چۆن رێگا دەدات بەوەی کە پێش وەخت خەڵك نرخ بەرز بکاتەوە بەبێ گەرانەوە بۆ لایەنی حکومەت یاخود دروست بوونی رێکەوتنێکی نێوان هەردوولا..پرسیاری تر ئەوەیە ئایا حکومەت خۆی لە لای خۆیەوە بۆ بەرژەوەندی هاوڵاتیان ناتوانێ هیچ نەبێ سوتەمەنی پاصەکانی ناوشار بە نرخێکی کەمتر بداتە شۆفێرەکان و رێگا بگرن لەبەردەم بەرزبوونەوەی نرخ دا ؟بەتایبەتی کەبەرز بوونەوەی کرێ پاص پەیوەندی هەیە بەزۆرترین ژمارەی هاوڵاتیانەوە بەتایبەتی خوێنکاران و فەرمانبەران و خەڵکانی زەحەتکێش..هەرچەندە دواتر نرخی پاصەکان کرا بە (350) دینار بەڵام دەڵێم گەر کار وابروات جارێکی تریش نرخ بەرز دەبێتەوە.. و تەنها زەرەر مەندیش هاوڵاتیانەو کەسی تر ..ئەم تێبینیانەی سەرەوە کرێ ی هاتووچۆی تەکسی و پاصەکانی دەرەوەی شاریش دەگرێتەوە کەلەماوەی (1 – 2) ساڵی رابردوودا دووقات وسێ قات نرخیان بەرز کردۆتەوە بە پاساوو بیانوی بەرز بوونەوەی نرخی بەنزین و گاز و کاتی دابەزینەوەی نرخی بەنزینیش ئەوان نرخەکانیان وەکو خۆی هێشتۆتەوە..باشترین بەڵگەش بەرز بوونەوەی نرخی کرێ تەکسیەکانی کەرکوك – سلێمانی ,هەولێر – سلێمانی ,دەربەند و کەلار – سلێمانی ,رانیە سلێمانی ,چوارتا سلێمانی و ..هتد کە نرخی هاتووچۆ دووقات و سێ قات بووە ,بۆیە پێوویستە حکومەت بەچاوی گرنگیەوە لەم مەسەلەیە بروانێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە..

یانەیەك تەنها بۆسەگ

تەنها مرۆڤەکان بۆ پارێزگاری کردن لەباری تەندروستیان پێویستیان بەوەرزش نی یە, بەڵکو ئاژەڵەکانیش پێویستیان بەوەرزش و چاودێریکردنی وەزن و تەندروستی هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش لەیابان دیاردەی یانەی ئاژەڵان بڵاو بۆتەوە.. لەنێو ئەو یانانەش دا یانەیەکی تایبەت بەراهێنانی وەرزشی بۆ سەگەکان هەیە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەوەزنیان..لەهەمان کاتدا ئەوانەی راهێنانیان پێدەکەن پسپۆرن و سەرپەرشتی سستمی خۆراکیشیان دەکەن بەمەبەستی گەیشتن بەخۆاردنێکی هاوسەنگ و تەندروست کەکەمترین وزەی خۆراکی تێدابێت..

داهێنانی هەژاران



ئەم پیاوە جێگایەکی باشتری لەسەر سەری خۆی دەست نەکەوتووە تاوەکو بەهۆیەوە پروپاگەندە بکات بۆکەل و پەلە ساکارەکانی لای هاندەرانی پاڵەوانێتی کریکیت لەهندستان لەمانگی مارسی رابردوودا.. وادیارە دەیەوێت بە مشتەریەکانی بڵێت ئەوەی بەلاتانەوە گرنگە لەسەر سەرمە..کەل و پەلەکانیشی بریتی یە لە چەرەس و قەزوان..

بۆ پێکەنین

*

یەکەم /تاوس و کەری کێوی کامیان کۆنترن؟

دووەم /بێگومان کەری کێوی چوونکە رەش و سپی یەو تاوسیش رەنگاورەنگ!

*دوو برادەری سەرخۆش بەیەکەوە دەبن,گڵۆپی ژورەکەیان سوتاوە دەیانەوێ بیگۆرن..

یەکەم /هاورێم پشتت دابنێ بابچمە سەری و گڵۆپەکە بگۆرم..

دووەم /بەسەرچاو .. پشتی دادەنێ و یەکەم دەچێتە سەرپشتی بۆ گۆڕینی گڵۆپەکە!

دوای ماوەیەك دووەم دەڵێ کورە ویژدانت بێت کەی دادەبەزیت پشتم شکا؟

یەکەم دەڵێ "ئێ کوری باش تۆهەر پشتت داناوە و ناسوڕێنیتەوە و گڵۆپەکەش دیشە چۆن دەبەسرێ گەر تۆ نەسوڕێنیتەوە؟؟

*بەرپرسی فەرمانگەیەك بەیەکێك کەدەیەوێ دا بمەزرێت و بۆ ئەو مەبەستەش چۆتە ماڵیان تا دایمەزرێنێ دەڵێ " جارێکی تر کەهاتی بۆماڵمان بەسەر لەزەنگی دەرگاکە بدەو کەلێشیان کردیتەوە بەقاچ پاڵ بەدەرگاکەوە بنێ ..

ـ کابراش کە بۆ دامەزراندن چووە دەپرسێ ئەی بۆچی دەستم بەکار نەهێنم؟

ـ کابرای بەرپرس دەڵێ " بێگومانم لەوەی دەستەکانت بەو دیاریانە گیراوە کە بۆ منی دەهێنی!!!